# زمانی گوڵ یا گولله ..

ئەگەر خۆپیشاندان مافی ڕەوای گەل بێ کەواتە ڕێگەپێدان و پاراستنی لەلایەن جۆرەهای هێزی ئاسایش ئەرکە . ئەگەر شێوازی ئاشتی و سیاسیانەی هەبێ واتە بەکارهێنانی مافەکە شێنەیی بەبێ ئازاردانی بەرامبەر لەدەسوەشانی شەڕەبەرد ، لێدان و سوتان ئەوا هیچ پێویستی بەدڵەڕاوکەی فەرماندارن نی یە و دەبا بکرێ . ئەگەر ئازار و ڕقی پیرۆزی گەل تەرازووی بێدادی ئاوەژوو کردەوە ویستیان هەندێ لەژانەکانیان لەبێ مافی بەتوندی دەربڕن ، دەبێ بەگیانی هەست بەبەرپرسیاریەتیەوە ڕێز لەدەربڕینەکەیان بگیرێ کوشتوبڕی چارەنی یە . لەلایەک پێویستی یە هۆکار و ئامانجی کۆڕەو لەگەڵ شێوازی گەیاندن و گەیشتن پێ ی ڕوون بکرێتەوە لەلایەکی تر وەڵامدەرەوەی پرسیارە ڕەهاکان بێ .. ئایا ئەم خۆنیشاندانە مۆدێلێکی سیاسی سەردەم و ڕامالینی سیستەمە دیکتاتۆریەکانە یا سادەتر بڵێین: ڕقێکی خۆڕسکە یانەخۆ تۆیەکی سیاسی پلان چێنراو ؟ ئەوداوایانەی جێ بەجێ ناکرێ هەڵەی کام کەس یا حیزب و گروپە لەدەسەڵات و دەرەوەی دەسنیشان بکرێ ! ناوەرۆکی کێشەکە هەر دابەشکردنی دەسکەوت و داهاتە ؟ یان مافی بەشداری لەڕەنگرێژی بڕیاری یاسایی و سیاسی وڵات لەپەرلەمان و بەڕێوەبردنی حکومەتە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ؟ هەرخودی خۆپیشاندانەکە دژی حکومەتە یان حیزب و تاقمی دەسڕۆیشتوو ؟ پێش هیچ وەڵامێکی دروست یا نادروستی پرسیارەکان .. سا برای پێشمەرگەی پاسەوان لەهەر دەزگایەکی حیزبی یا حکومی لوولەی چەکەکەت بکە گوڵدان و پێشکەشی گەلی بکە یا بەگیانی بەرپرسیاریەتی شکۆمەندانە سەنگەرەکەت جێ بهێڵە ، کەس بەبێ غیرەت و ترسنۆکت ناناسێنێ چونکە تۆ پارێزەری گەلی نەک بکوژ و بەکرێگیراو . ئەو پەنجەی سەر

پەلاپیتکەیە بشکێنە تەقە لە گەل دەکا ، تەقە لەمنداڵ یا ژن و جوان و پیری هاوگەڕەک و هاوشار یا هاونیشتمانیانت دەکا بۆ بەرژەوندی چەند کەسێک ! گریمانەی ناوێ ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی هەبێ کەواتە مەترسی شەڕی ناوەخۆ لەکوێدایە ؟ ئەگەر ئینتیماش بۆحیزب و کەس پەرستی یە ئەوا قومبلە دانراوەکە هەردەم بەگوێ گەلی کوردا دەچرکێنێ ها ئەمڕۆ ها سبەی خراپتر دەتەقێتەوە ! ئەی ئەگەر هێزێکی دامەزراوەیی و ئەکادیمی بێ چۆن وا بەئاسانی دابەش و لەت لەت دەکرێ ؟ هێزی پتەوی وڵاتپارێز بۆ هەر ئەگەرێکی هێرشی دەرەکی یا مەترسی ناوەکی وەدیهێنەری ئاسایش و ئازادی یە . لەکوردستان ئاسایش ، پۆلیس ، دەزگا هەواڵگریەکان ، بگرە تا دارستان پارێز و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێوەبەرانی حکومەت بەئۆپۆزسیۆنەوە ڕۆڵەی هێزی پێشمەرگەی دایکن بەڵی پێشمەرگە سەرتوو هەوێنی هەمووانە . پیرۆزیەکەشی لەگیان لەسەردەستی و خۆبەخشینی بێ بەرامبەر بووە دژی دوژمنان ، لەئەرکی دا بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و گەلی کورد دروست بووە . چۆن سوپای میسر لەشۆڕشەکەی بەسەر مەلەکیەت گەل پشتیوانی لێکرد ئەوکاتە ڕژایە سەرشەقام ئاواش لەشۆڕشی نوێ ی ئەمجارە سوپا پشتیوانی لە گەلەکەی کردەوە پارێزەری بوو . لەبەر ئەم ڕوناهی یە دەکرێ بەدەنگێکی بڵند بڵێین: ئەرکی پێشمەرگە لەڕابردووی شۆڕش بەئەنجام گەیشتووە بەڵام لەم سەردەمی فەرمانڕەوابیە هەستیارە سەرەڕای جیاوازی ئینتیماکان ناتەواو جۆرێکی ترە ئاڕاستەکەی سەقەتە بەسیاسەت چووە دەبێ دابەشکارانی ئەم دەزگا نیشتمانی یە بدرێنە دادگای گەل مێژووش بەزەیی بەکەس ناکا . بۆچوونی شاخی جاران و سەروەریەکان بەسەرچوو کاری پێ ناکرێ تەنیا بەچالاکی دوو پێشمەرگە لەدەسوەشانێکی نیشتمانپەروەری کوشتنی دوو بەعسی داگیرکەر لەناوچەیەک تیپێک واتە بەسەدان پێشمەرگە بەهەفتە و مانگ گۆشت و

برنجمان دەخوارد لەلایان هاوڵاتیانەوە خۆشبارن و میوانداری دەکراین بەڵام ئەمڕۆ سەردەمی حوکمڕانی بەڕێوەبردن و دامەزراندن ، دابین و هەلی کارکردن ، دابەشکردنی دەسکەوت و داهاتە ناکرێ بەدڵی سیاسیەکی هەڵەکاری چاوچنۆک بکرێ وەک دەڵێ: ئەوەی خۆم بۆخۆم ، ئەوکەی تۆش هەردەخۆم . پرسیاری یەکلاکەرەوە ئەوەیە ئایا پێشمەرگە و خەڵک تا چ ڕادەیەک ئاوێزانی یەکترن ؟ کەم هەڵوێست و کام وێسگە لێکیان دەکاتەوە یا پێکیان دەلکێنێ ؟ یا لەناو دوو کەوانەی تەوس ئامێز " دوو هێڵی تەریبن هەرگیز یەکتری نابڕن " دەکرێ بەدەنگی بڵند بڵێین : بۆ جیاوازیەکانی فەرماندار و ئۆپۆزسیۆندارەکان ئایا هەردەبێ گەل باجەکەی بدا ؟ دوور لەگوللە بەرەو ڕووی دوژمنان دوان بەزمانی گوڵیش لەناوخۆدا دیموکراسی ترین دانوستانی نێوان دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ گەڕانەوەی ئینتیمای پێشمەرگە بۆ گەلە .

دلشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com